# ئەفسانەی لەنجەولار

ئەركان حەسەن

ئەمجارەیان ئەگەر هاتـــــــیی
ئەو پەلكەزێڕینەیە لەبەرپێتا رادەخەم
كە سپێدە تەماوییەكە
لە نسێی قومرییە تۆراوەكانـــــــەوە
خۆی لە كوڵمەكانت خشاند،
وێنەی ئەو پەڵەهەورە دەگرم
لە هێمنییت رادەمێنیّ..
بەخیلی بەو پاسارییە پیرانە دەبەم
سەرنجت دەدەن و
تۆوی ئەو جوانییە دەچيننەوە
لە بەژنت هەڵدەوەریّ..
دڵنیابە، ئەگەر هاتیـــــــــــــــــی
سەمای زولفت لە ئەفسانەی لەنجەولاردا
دەنوسمەوە،
مەكرت، بە بەهرەی خودایی و
كزەی نازت
بۆ هەڵەكانی سروشت دەگێڕمـــــــەوە..
خانم، بۆچی گوزەر ناكەی؟
هەتا كەینیّ؟
دووریيت باوەشێن بكەم و
سەرمایەكی بێكوێستانبـــــــــــــــــــــم..

Arkan-r@hotmail.com